ئاڵای کوردستان لە چینەوە دەهێنرێت

ماوەیەکە ئاڵای کوردستان لەکاتی بۆنە و ئاهەنگەکاندا و لەزۆر شوێنی جیاجیا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت.

ئا : پشتیوان جەمال

هاوڵاتیان و قوماش فرۆش و بەرگدروەکان لەگەڵ ئەوەی پێیان وایە ئاڵای کوردستان کە ڕەمزێکی نەتەوەی کوردە خەریکە جێ بە ئاڵای یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تریش لێز دەکات، لە هەمان کاتیشدا نیگەرانیی خۆیان لە کردنی ئەو ئاڵایە بە هەندێك شتی ناشیرین دەردەبڕن و لەو ڕووەوە لایەنە بەرپرسەکان لە سزا نەدانی ئەو کەسانە دەدەنە قەڵەم، لەبەرامبەریشدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڵێنی بنەبڕکردنی لایەنە خراپەکانی ئەو ئاڵایە دەدەن.

وەهاب محەمەدی تەمەن ٤٠ ساڵ کە لەدوکانەکەیدا و بەپشت سەریەوە ئاڵایەکی کوردستانی دانابوو خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو ئاڵایە دەردەبڕی و ئەوەی باس دەکرد کە ئەو ماوەی ساڵێکە ئەو ئاڵایەی لە دوکانەکەیدا داناوەو دەڵێت:"لای من ئەم ئاڵایە پیرۆزترین شتە چونکە ئەو ئاڵایە بوونی کورد ئەسەلمێنێ"، بەڵام وەهاب دڵگرانیی خۆی لە پیرۆز ڕانەگرتنی ئەو ئاڵایە لەلایەن هەندێك خەڵکەوە دەربڕی و وتی"سەیرم لێدێت کە هەندێك خەڵك زۆر بەناشیرینی سەیری ئەو ئاڵایە دەکەن"، لەو ڕووەوە هێمای بۆ دڕانی ڕێژەیەکی زۆری ئەو ئاڵایە کرد لەبەردەم بارەگای حیزبێکی کوردستانی و پێی باش بوو کە دەزگا بەرپرسەکان لەو خەڵك و حیزبانە بپرسنەوە کە کاری لەو جۆرە دەکەن.

شەقامی مەولەوی لەشاری سلێمانی بەوە بەناوبانگە کە زۆرترین دوکانی فرۆشتنی وێنە و ئاڵای کوردستانی تێدایە، لەو ڕووەوە شاخەوان فایەقی تەمەن ٣٠ ساڵ لە پێشانگای نەوا باسی لەوەکرد کە ئاڵای کوردستان لەبۆنە و ئاهەنگەکاندا زۆرتر دەفرۆشرێت هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە جگە لە هاوڵاتیان، فەرمانگەکان و کوردەکانی دەرەوەی وڵات و پارچەکانیتری کوردستانیش ئەو ئاڵایە دەبەن، شاخەوانیش ڕایگەیاند کە پێویستە ئەو ئاڵایە نەکرێت بە زۆر شوێنی ناپەسەند و نەگونجاودا وتی"هەندێك جار ئاڵای فەرمانگەکانیش زۆر پیس و چڵکن ئەبن و دڕەنگ دەیگۆڕن"، بۆیە شاخەوان ئەوەی وت کە زۆر جار هاوڵاتیان خۆیان دێن ئاڵا دەکڕن و دەیبەن بۆ فەرمانگەیەك بۆ ئەوەی لە جێگای ئاڵاکەیتر دایبنێن، چونکە بەڕوای شاخەوان نرخی ئاڵاکە ئەوەندە گران نییە کە نەتوانرێك بگۆڕدرێت.

قوماش فرۆش و بەرگدروەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئاڵای کوردستان ڕەواجێکی باشی هەیە ئەوەتا بەهزار غەفووری تەمەن ٣٦ ساڵ کە دوکانی قوماش و بەگدرووی هەیە وتی"ئێمە لەساڵی ٢٠٠٠ەوە خەریکی دروست کردنی ئاڵای کوردستانین کە ئەو کاتە زیاتر کوردەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆیان دەیان بردەوە، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە زیادی کردووە و تازە خەریکە لە وڵاتی چینەوە ئاڵای کوردستان دەهێنن"، بەڵام وەك بەهزار ڕوونی کردەوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە کوردەکانی خۆمان و پارچەکانیتریش ئەو ئاڵایە دەبەن، ئەو هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان پێیان باشە خەڵکەکە ئاڵای کوردستان و عێراق پێکەوە بەکاربهێنن چونکە وەك دەڵێت"ئەو کاتە فرۆشی هەردوو ئاڵاکە بۆ ئێمە زیاتر دەبێت"، بەڵام وەك لایەنێکی نەتەوەیی بەهزاد لەگەڵ ئەوەدایە کە تەنها ئاڵای کوردستان بەکاربهێنرێت.

ئەو ئاڵایانە هەبوو کە ئێستا لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێن وتی"هەندێك لەو ئاڵایانە قوماشەکانیان باش نییە کە بەرگەی ڕەشەبای سلێمانی ناگرن و زوو دەدڕێن، لەلایەکی تریشەوە هەندێکی تریان ژمارەی ئەو تیشکانە کە تیایدان کەمن".

هەندێك لەدوکانی پەراوگەکانیش سەرەڕای کاری خۆیان ئەو ئاڵایەش دەفرۆشن لەو ڕووەوە شێرزاد حامیدی تەمەن ٥٠ ساڵ لەپەراوگەی مەولەوی ئەوەی خستە ڕوو کە ئەوانیش ڕۆژانە ئەو ئاڵایە دەفرۆشن و وتی"جگە لە خەڵکی لای خۆمان کوردەکانی پارچەکانیتریش بەزۆری دەیبەن"، هەروەها ئەوەشی وت کە ئەم ئاڵایە زیاتر لەبۆنەکاندا فرۆشی زیاتری هەیە.

هەرچەندە هەندێك بڕوایان وایە کە هەندێك شوێن ئەو ئاڵایەیان ناشیرین کردووە و کردوویانە بە باکگراوندی نووسینی ناوی شوێنەکانیان نموونەشیان بۆ ئەمە کەبابخانەی کوردستانە بەڵام یاسین ڕەحیمی تەمەن ٥١ ساڵ خاوەنی کەبابخانەی نابراو هەموو ئەو قسانە بە درۆ دەخاتەوە و ئەو کارە زیاتر دەخاتە ئەستۆی خۆشنووسەکە بەڵام ئەوەشی وت کە ئەو ئاڵای کوردستانی لا پیرۆز و موقەدەسە وتی"من لە ناخی خۆمدا بۆ تێکچوونی ئەو ئاڵایە وام نەکردووە بگرە ئەو ئاڵایەم زۆر خۆش دەوێت"، یاسین ئاماژەی بەوەشدا کە تا ئێستا هیچ دەزگایەکی ڕەسمی ئاگاداریان نەکردۆتەوە کە ئەو لەوحەیە بگۆڕێت بەڵام جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە بەنیازە لەوحەکەی بگۆڕێت.

هەروەها حاکم قادر سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەمەودوا ناهێڵن هیچ خۆشنووسێك کاری لەو جۆر بکات و باسی لەوەش کرد کە ئیجرائاتی یاساییش دەکەن لەگەڵ ئەو دوکانانەی کە ئاڵای کوردستان ناشیرین دەکەن.

هیچ کاتێك بەکارهێنانو هەڵواسینی ئاڵای کوردستان لەمێژووی تازەدا هێندەی ئەم چەند مانگە بەربڵاونەبوو.